NED DENG

## یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان




## راپۆرتێک لەبارەی:

# بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان

تەموزی 2024

## پێشەکی:

لە سنوری گەرمیان بەڕێوبەرایەتیەکی تایبەت بە چاودێرییکردنی بازار و خاوەنکارەکان و خودی هاوڵاتیانیش هەیە، ئەویش بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیانە.

بەڕێوبەرایەتییەکە لە ٣٤ هۆبە پێکهاتوە، جگە لە هەندێک کاروباری ئیداری ناوخۆیی، هەر هۆبە و پەیوەستە بە بوارێکی خۆپارێزیەوە.

# بەشی یەکەم: کارەکانی بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان

## یەکەم: چاودێریی بازاڕ

### ا. پشکنینی شوێنکارەکان و تێبینییەکان

یەکێک لە ئەرکەکانی بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان چاودێرییکردنی بازاڕە بە گشتی چ لە روی پاکوخاوێنی شوێنکارەکانەوە بێت چ لە روی ئەو خواردنانەوە بێت کە لە بازاڕدا ساخ دەکرێنەوە، ئەمەش لە رێگەی لیژنەی تایبەتمەندەوە.

ئارام عەبدولقادر، فرۆشیاری ماسی لە قەزای کەلار، دەڵێت: بۆماوەی ١٤ ساڵە خەریکی ئەم پیشەیەم لەسەر عەرەبانەی گەڕۆک، لیژنەکانی خۆپاراستنیش بەبەردەوامی سەردان دەکەن.

پشتیوان خورشید، فرۆشیار لە قەزای کفری، دەشڵێت: لیژنەکان جاری وا هەیە لە مانگێکدا ٢ جار سەردان دەکەن.

لەلایەکی دیکەوە، محەمەد چالاک، فرۆشیار لە قەزای کفری باس لەوە دەکات: لە مارکێتەکەماندا لیژنەکان سەردان دەکەن مانگی وا هەیە ٢ بۆ ٣ جار سەردان دەکەن و پشکنینی تەواوی مەوادەکانمان دەکەن کە دەیفرۆشینەوە.

لەبارەی ئەوەی بۆ هەر شوێنکارێک لە مانگێکدا چەند پشکنین ئەنجام دەدرێت، تۆفیق محەمەد، لێپرسراوی هۆبەی چاودێری تەندروستی لە بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان، هێمای بۆ ئەوەکرد: شوێنکاری وامان هەیە بە ٦ مانگ پشکنینیان بۆ ناکرێت، چونکە فریا ناکەوین.

وتیشی: پشکنینەکان بۆ بەرهەمی سپیایی تاوەکو ئێستا نەمانتوانیوە پشکنینیان بۆ بکەین، چونکە ئەگەر پشکنینیان بۆ بکەین شیاو نیە بۆ بەکارهێنان، چونکە لەسەر عەرەبانەی دەستگێڕن و هەوا لێی ئەدات.

دەشڵێت: بۆیە ئەگەر لیژنەکەمان بچێت، ئەوە دەبێت دەست بەسەر ئەو بەرهەمانە بگیرێت و تەلەف بکرێت، بۆیە ئێمە زیاتر لە کارگەکان پشکنینی بەرهەمی سپیاییەکان دەکەین و لیژنەکەمان بەردەوام سەردان دەکەن.

«لیژنەکانی خۆپاراستن سەردان دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا رێنمایی دەدەن کە چ شتێک رێگەپێدراو نیە ساخ بکرێتەوە». سیامەند خوداداد، فرۆشیار لە بازاڕی قەزای کەلار وای وت.

رامیار یاسین، فرۆشیار لە نێو بازاڕی کەلار، دەڵێت: لیژنەکان لە سەردانەکانیاندا هەر خواردنێک بەسەر چوبێت ئەوە لەگەڵ خۆیان دەیبەن و هەندێکجاریش روبەڕوی ئیجرائات بوینەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا زانیاری و رێنمایی دەدەن کە ئەو خواردنانەی راستەوخۆ دەخورێت دابپۆشرێت یان هەندێک خواردن هەن چۆن هەڵبگیرێت لە دەرەوەی دوکانەکە بێت یان ناوەوەی دوکانە.

«لیژنەی خۆپاراستن سەردانمان دەکەن و پشکنین بۆ شوێنەکە دەکەن لە روی پاکوخاوێنیەوە، تەنانەت جارێک بە ناهەق سزای ٥٠ هەزارم بۆ کرا لەبەرئەوەی هەندێک پاشماوەی مریشکەکان کەوتبو لە زەویدا». حەکیم ئەحمەد، مریشکفرۆش لە قەزای کەلار وا دەڵێت.

سەباح مەجید، فرۆشیار لە قەزای کەلار، وتی: نزیکەی ١٧ ساڵە دوکانی ترشیاتم هەیە و لیژنەکانی خۆپاراستنیش بەردەوام سەردان دەکەن و کاتیان دیاریکراو نیە، مامەڵەیان خراپ نیە بەگشتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەیەنە گوێ ناگرێت هەشیانە گوێ دەگرێت.

لەبەرامبەردا، عەدنان عەبدولڕەحمان، فرۆشیار لە ناحیەی رزگاریی، نیگەرانە لە مامەڵەی لیژنەکان و وتی: جیاوازی دەکرێت، بۆ نمونە شوێنی وا هەیە بە ١٥ رۆژە کارتۆنی ئاوی لە دەرەوەیە و لە بەرخۆرە کە قەدەغەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە خاوەنەکەی دەناسێت رەنگە ئاسایی وەربیگرێت، بەڵام شوێنی واش هەیە ٢ سێت خواردنەوەکانی لە دەرەوەیە ئەیبەن و ئیجرائات دەکەن.

نیاز قادر، فرۆشیار لە ناحیەی رزگاریی، دەڵێت: لیژنەکان لە مانگێکدا نزیکەی ٣ جار سەردان دەکەن و پشکنین بۆ بەرهەمەکانمان دەکەن، بەجۆرێک دەبێت ماستە خۆماڵیەکە لۆگۆ و ناو و ژمارەی خاوەنەکەی لەسەر بێت کە لێی وەردەگرین، بۆ بەرهەماکانی تریش دەبێت چەند رۆژ پێش بەسەرچون خۆمان جیای بکەینەوە و لیژنەکە هات دەبیات.

لەبەرامبەردا، تۆفیق محەمەد، لێپرسراوی هۆبەی چاودێری تەندروستی لە بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان، دەڵێت: یەک لیژنەمان هەیە بە بەردەوامی سەردانی شوێنکارەکان دەکەن چ ئەوانەی بەرهەمی خواردەمەنی ساخ دەکەنەوە چ ئەوانەشی کە کاری دیکەیان هەیە، ئەم لیژنەیەش بەیانیان و ئێواران سەردان دەکەن.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئەرکی ئێمە پشکنینی خۆراکە بەگشتی و ئەو شوێنانەی کە خۆراکی تێدا ساخ ئەکرێتەوە، بۆنمونە نمونەی گۆشت و ئەو شتانە وەرناگرین بۆ پشکنین.

جگە لە شوێنکارەکان، ئەم بەشە پشکنین بۆ کارگەکانیش ئەنجام دەدات.

تۆفیق محەمەد، لێپرسراوی هۆبەی چاودێری تەندروستی لە بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان دەڵێت: لە ماوەکانی رابردودا نەماندەتوانی پشکنین بۆ بەرهەمی کارگەکان بکەین ئەمەش بە فەرمانی بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، بەڵام لە ئێستادا پشکنین ئەنجام ئەدەین ئەمەش دوای ئەوەی کە لە کارگەی مرواری فارم رویدا.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: لە ئێستادا نمونە لەو کارگانە وەردەگرین بۆ بەرهەمەکانیان و لە تاقیگەدا پشکنینی بۆ دەکەین، کە پێویستە هەفتانە سەردان بکەین، ئەگەرچی هێشتا فریا ناکەوین بەهۆی کەمی کارمەندەوە مانگانە سەردان دەکەین.

ئاماری کارەکانی چاودێری و مۆڵەت بۆ ساڵی ٢٠٢٣ و ٦ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤

| مۆڵەتی نوێ | مۆڵەتی نوێکراوە | مۆڵەتی پوچەڵکراوە | ناسنامە | سزا | داخستن | سەردانی شوێنکار | خۆراکی بەسەرچو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 136 | 1274 | 150 | 3983 | 855 | 72 | 21050 | 71 تەن و 947 کیلۆ |

## ب. پشکنینەکان چۆن دەکرێن؟

رامیار یاسین، فرۆشیار لە نێو بازاڕی کەلار، باس لەوە دەکات: ئەو پشکنینانەی کە دەکرێت زیاتر لە رێگەی چاو و دەستەوەیە، نەبوە بەرهەمێک ببەن و لە تاقیگە پشکنینی بۆ بکەن.

«پشکنینەکان زیاتر لە رێگەی چاوەوەیە و نەبوە بەرهەم ببەن و لە تاقیگە پشکنینی بۆ بکەن». محەمەد چالاک، فرۆشیار لە قەزای کفری وای وت.

فرۆشیارێکی دیکە لە ناحیەی رزگاریی بە ناوی عەدنان عەبدولرەحمان، دەڵێت: بۆماوەی ٩ ساڵە مارکێتم هەیە، تاوەکو ئێستا شتێک نەبراوە پشکنینی تاقیگەیی ئەنجام بدەن، ئەوەی هەیە لە رێگەی چاوەوەیە.

هاوکات، پشتیوان خورشید، فرۆشیار لە قەزای کفری، دەشڵێت: ئەو پشکنینانەی کە ئەنجامی دەدەن زیاتر لە رێگەی چاو و دەستەوەیە وەک لەوەی بەرهەم ببرێت و لە تاقیگە پشکنینی بۆ بکرێت.

نیاز قادر، فرۆشیار لە ناحیەی رزگاریی، هەمان وتەی هەیە و دەڵێت: هیچ کات نەبوە بەرهەممان ببرێت پشکنینی تاقیگەی بۆ بکرێت و پارەمان لێوەربگیرێت.

لە بەرامبەردا، تۆفیق محەمەد، لێپرسراوی هۆبەی چاودێری تەندروستی لە بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان، دەڵێت: ئێمە ٣ جۆر پشکنینمان هەیە، یەکێکیان لە روی فیزیاییەوە کە بۆن و تام و رەنگە ئەگەر لەو پشکنینە دەربچێت، دواتر پشکنینی بەکترۆلۆجی ئەنجام دەدەین ئەمەش دوای ٣ رۆژ ئەنجامەکە بۆ ٥ رۆژ دەرئەچێت.

دەشڵێت: پشکنینێکی ترمان هەیە ئەویش کیمیاییە ئەمەش بۆ رێژەی شەکر و ئەو مەوادانەیە کە لە خواردنەکەدا بەکارهێنراوە ئەمەش راستەوخۆ دەرئەچێت.

## ت. لیژنەکان چ کات سەردان دەکەن؟

بەپێی بڕیارێکی وەزارەتی تەندروستی بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستن لیژنەکان بەیانیان و ئێواران سەردانی شوێنکارەکان دەکەن بەمەستی ئەنجامدانی پشکنین.

رامیار یاسین، فرۆشیار لە نێو بازاڕی کەلار، باس لەوە دەکات: لیژنەکان زیاتر بەیانیان سەردان دەکەن بۆ لای ئێمە وەک لە ئێواران، بۆ شوێنکاری دیکە زانیاریم نیە.

سیامەند خودادادا، فرۆشیار لە بازاڕی قەزای کەلار، وتی: تائێستا زۆربەیجار لە بەیانیاندا سەردانیان کردوین، تەنها لە رەمەزاندا نەبێت کە ئێواران هاتون.

لە بەرامبەردا، تۆفیق محەمەد، لێپرسراوی هۆبەی چاودێری تەندروستی لە بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان، دەڵێت: سەردانی بەیانیان و ئێوارانمان هەیە، چونکە فریا ناکەوین و لیژنەمان کەمە.

لە راوێژکاریی ئێواراندا، بەشێک لەو داهاتەی بەدەستدێت، دەدرێت بە فەرمانبەرەکانی بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستن.

لەبارەی ئەمەوە، تۆفیق محەمەد، وتی: بەپێی رێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی دارایی، ئەو پارەیەی کە لە پشکنینی ئێواران وەردەگیرێت ٪٧٤ی بۆ کارمەندەکەیە و ئەو رێژەکەی کە دەمێنێتەوە دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت لەو برە لە ٪١٠ی بۆ بەڕێوبەرایەتیە.

دەشڵێت: ئەو برە پارەیەش بە وەسڵی ٣٧ ئەلیف رادەستی خەزێنە دەکرێت و دواتر بۆمان خەرج دەکرێتەوە.

دەشڵێت: رسوماتی بەیانیان وئێوارانیش وەک یەکە و هیچ جیاوازی نیە، ئەگەر بۆ پشکنینێک بری ١٠ هەزار لە بەیانیان وەربگیرێت ئەوە لە ئێوارانیش هەمان شتە.

## دوەم: پشکنینی ئاوی ماڵان

یەکێک لە ئەرکەکانی بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان، پشکنینی ئاوی ماڵانە کە پێویستە ئەنجامی بدات، بەڵام وەک بەشێک لە هاوڵاتیان لە سنوری گەرمیان دەڵێن هیچ پشکنینێکیان بۆ ئەنجام نەدراوە، هۆبەی پشکنینی ئاویش لە بەڕێوبەرایەتیەکە دەڵێت: بەردەوام پشکنین ئەنجام دەدەین.
کازم عەلی، لێپرسراوی هۆبەی پشکنینی ئاو لە بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان دەڵێت: بەردەوام لە تاقیگە پشکنین بۆ ئاوی ماڵان دەکەین چ لە قەزاکان بێت یان لە ناحیەکان تەنانەت لە گوندەکانیش، تیمێکی ٢ کەسیمان هەیە پشکنین بۆ هەمو سنوری گەرمیان دەکەن.
بەڵام ئێمە لە هەریەکە لە کەلار و کفری و رزگاریی، سێ هاوڵاتیمان دواند، هیچیان تاوەکو ئێستا نەیانبیستوە پشکنین بۆ سەرچاوەی ئاوی ماڵەکەیان کرابێت.
«بۆماوەی ١٤ ساڵە ماڵم دروستکردوە یەک ڕۆژ لیژنەیەکی خۆپاراستنم نەبینیوە بێن و پشکنین بۆ ئاوی ماڵان بکەن، لە کاتێکدا سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەمان روباری سیروانە و زۆر قسەی لەسەرە کە باس لەوە دەکرێت شیاو نیە بۆ بەکارهێنان».
ئاکۆ عومەر، هاوڵاتی لە قەزای کەلار وای وت.
سەریاس محەمەد سەمین، هاوڵاتی لە ناحیەی رزگاریی، باسی لەوەکرد: لە ناحیەکەدا پشت بە ئاوی ژێرزەوی دەبەستین، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین ساڵە لەو ناحیەم و لەو گەڕەکەی خۆمانم قەت نەمبیستوە و نەم بینیوە کە لیژنەی خۆپاراستن بێن و پشکنین بۆ ئاوی ماڵان بکەن کە بزانین شیاوە بۆ بەکارهێنان یان نا.
دەشڵێت: گرنگیشە لایەنی پەیوەندیداریش بەدواداچون بکات بۆ ئەوەی بزانن ئەم لیژنەیە ماوە یان ئەرکیان چیە.
دڵشاد ئیسماعیل، هاوڵاتی لە قەزای کفری، هێمای بۆ ئەوەکرد: قەزای کفری پشت بە ئاوی ژێرزەوی دەبەستێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئاوی قەزاکە شیاو نیە بۆ بەکارهێنان بەتایبەت لە وەرزی هاوین، چونکە مادە کانزاییەکانی تێدا بەرزە، تاوەکو ئێستاش هیچ لیژنەیەکی خۆپاراستنیش نەهاتوە پشکنین بۆ ئاوی ئێمە بکات.
لەلایەکی دیکەوە، روناک ئیبراهیم، هاوڵاتی لە قەزای کەلار دەڵێت: تاوەکو ئێستا یەکجار لیژنەی بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستن هاتوە بۆ پشکنینی ئاوی ماڵان ئەویش ساڵی ٢٠٠٦ بو یەک دەبە ئاویان لێ وەرگرتم ئیتر نازانم ئەنجام چی بو.
لە بەرامبەردا، کازم عەلی، لێپرسراوی هۆبەی پشکنینی ئاو لە بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان، وتی: ئەگەر بمانەوێت بە بەردەوامی نمونە وەربگرین ئەوە پێویستمان بە ئۆتۆمبێل دەبێت کە ئەمە گرفتە لە بەڕێوبەرایەتی، لەهەمان کاتدا نەوەستاوین و بەردەوام نمونەمان وەرگرتوە، لە هەر جێگەیەک کێشە هەبێت ئەوە سەردان دەکەین و چاودێری دەکەین.
هێمای بۆ ئەوەشکرد: جگە لە ماڵان، سەردانی پاڵاوگەکان و بیرەکانیش دەکەین و بەبەردەوامیی نمونە «سامپڵ» وەردەگرین بەتایبت بۆ کلۆر کە پێویستە بەکاربهێنرێت، ئەگەر بەکارنەهێنرێت ئەوە شیاو نیە بۆ بەکارهێنان، هەر نمونەیەکیش کە وەریدەگرین ئەوە لە تاقیگە پشکنینی بۆ دەکەین و لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا ئەنجامەکە دەدات بە دەستەوە.
دەشڵێت: لەگەڵ ئەوەشدا هاوڵاتیان خۆیان نمونەی ئاو ئەهێنن و پشکنینیان بۆ دەکەین بەبێ بەرامبەر.

ئاماری پشکنینی ئاو بۆ ساڵی ٢٠٢٣ و ٦ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤

| بابەت | شیاوە بۆ دەرەوەی شار | شیاوە بۆ ناوەوەی شار | نەشیاوە |
|---|---|---|---|
| پشکنینی بەکتریولۆجی | 339 | 771 | 5 |
| پشکنینی کیمیاوی | 50 | 131 | 0 |

## سێیەم: دابینکردنی ڤاکسین

یەکێک لەو هۆبانەی کە لە بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان هەیە هۆبەی تەندروستی سەرەتاییە لە بەڕێوبەرایەتیەکە کە ئەرکی دابینکردنی ڤاکسینە بۆ مەڵبەند و بنکەکان، یەکێک لەو گرفتانەشی روبەڕوی ئەم هۆبەیە بوەتەوە، کەمی ڤاکسینە.
فەریق عەبدولڕەحیم، لێپرسراوی هۆبەی تەندروستی سەرەتایی لە بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان، دەڵێت: ئەم هۆبەیەی ئێمە هەمو جۆرەکانی ڤاکسینی لێیە ئەوەی لە کوردستان بەردەست بێت، ٢ جۆر ڤاکسینمان هەیە رۆتینی منداڵانمان هەیە کە بەکاری دەهێنن و هەشمانە گەورە بەکاری دەهێنێت تایبەتە بە ئەنفلۆنزا وەرزییەکان و ڤایرۆسییەکان.
وتیشی: ئێمە کۆگاین و ڤاکسین بۆ سەنتەر و مەڵبەندەکان دابین دەکەین لەگەڵ نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن کە ڤاکسینی دژە ژەهر و گەزاز و سەگگرتنی تێدا سەرف دەبێت، ئەمەش وەک چۆن ئێمە داوا لە سەروی خۆمان دەکەین ئەوانیش داواکاری ئەدەن بە ئێمە و بۆیان دابین دەکەین.
لە بارەی ئەوەی بەشی گەرمیان چەندە لە ڤاکسین، لێپرسراوی هۆبەی تەندروستی سەرەتایی لە بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان، وتی: ئێمە لە سلێمانی بەشی گەرمیان وەردەگرین، دیاریش نیە بەشی گەرمیان چەندە، چونکە کەوتوەتەوە سەر ئەو بڕەی کە دێتە پارێزگاکە، گرفتەکەش لە کەمیە نەک بۆ گەرمیان، بەڵکو بۆ هەمو کوردستان، لەبەر ئەوەی ڤاکسینەکە لە بنەڕەتەوە لە بەغدادەوە دێت.
هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئێستا گەرمیان رێژەی دانیشتوانی زیاتر بوە، ئەو بڕەشی کە دێتە سنورەکە پێویستی ناوچەکە پڕناکاتەوە، ئەمە بوە بە گرفت بۆ ئێمە.
جەختی لەوەشکردەوە: ئەو ڤاکسینانەی کە هەیە لە گەرمیان ١٠٠٪ سەلامەتە، چونکە کارەبای بەردەوامیان هەیە و پارێزراوە لە نێو ساردکەرەوەدا.

ئاماری بەکارهێنانی ڤاکسین بۆ ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣

| ساڵ | کۆی ڤاکسین |
|---|---|
| 2022 | 146157 |
| 2023 | 132398 |

## چوارەم: پشکنینی ڤایرۆسی جگەر

ناسر جەمال، لێپرسراوی هۆبەی ڤایرۆسی جگەر لە بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان، دەڵێت: هۆبەکەی ئێمە پشکنینی ڤایرۆسی جگەر دەکەین بۆ خاوەنکارەکانی وەک: ئارایشتگاکان، قەسابەکان، سەرتاشخانەکان، مریشکفرۆشان، مەلەوانگەکان، هاوڵاتیانی بیانی کە دێنە سنورەکە و... هتد.
باسی لەوەشکرد: دوای چەند رۆژێک ئەنجامەکان دەردەچن، بۆ هەر پشکنینێکیش بەپێی رێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی بڕی ١٥ هەزار دینار وەردەگیرێت، هاوکات بڕی ٣ هەزار دیناریش بۆ ناسنامەکەی کەسەکە وەردەگیرێت.
لە بارەی ئامێر و پێداویستیشەوە، بەوتەی لێپرسراوی هۆبەی ڤایرۆسی جگەر لە بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان، پێداویستی و ئامێری پێویست بەردەستە و ئامێرەکانیشیان گونجاو و باشن.

ئاماری بەکارهێنانی ڤاکسینی جگەر بۆ ساڵی ٢٠٢٣

| ژمارەی پشکنین | HBS | HVC | HIV |
|---|---|---|---|
| 5235 | 1745 | 1745 | 1745 |

## پێنجەم: نەخۆشیە گوازراوەکان

«ئەم بەشـەی ئێمە ئەرکی هۆشـیارکردنەوەی تاکـە لە پەتاکان کـە بڵاوئەبێتەوە و شـوێنەکەی دیاریدەکەین و سـەردان دەکەین و ئەو کەسـەی کە توشـی پەتاکە یان ڤایرۆسێک بوە نمونەی لێ وەردەگرین لەگەڵ چەند کەسێک لە دەوروبەری کەسە توشبوەکە، لەگـەڵ ئـەوەی لە کویێوە هاتـوە بۆ ئـەوەی کۆنترۆڵی بکەین».
کامەران رەشـید، لێپرسـراوی هۆبەی نەخۆشـیە گوازراوەکان لە بەرێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان، وای وت.
دەشـڵێت: کـە نەخۆشـیەکە دیاریکـرا ئـەو کات ئیجرائاتـەکان دەسـتپێدەکات بە گوێرەی پێویسـتی پەتاکە، بۆ نمونە هەڵمەتی دەرمانڕشـتن «رەشـکردن» ئەنجـام دەدەیـن لەو سـنورەی کە پەتاکە هەیە، دواتر چەند جارێک سـامپڵ وەردەگرین لە کەسەکە و پشـکنینی بۆ ئەکەین، پشکنینی ئێرەشمان سەرەتاییە، ئەگەر گومانمـان هەبو نمونەی بۆ پشـکنین دەنێرینە سـلێمانی، ئەگەر لەوێـش ئەنجام نەبـو، دەینێرنە بەغداد، تەنانـەت ئەگەر لەوێش ئەنجام نەبو، ئەوا دەینێرنە دەرەوەی وڵات.
لەبـارەی ئـەوەی تاچەنـد سـتاف بەردەسـتە بـۆ ئەم بەشـە و بـۆ ئەنجامدانـی هەڵمەتـەکان، لێپرسـراوی هۆبـەی نەخۆشـیە گوازراوەکان لە بەرێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان، هێمـای بۆئەوەشـکرد: سـتافمان نیە بـۆ ئەم هۆبەیـەی ئێمە و گرفتـی کارمەندمـان هەیە، لە کاتێکدا ئەمە پێشـتر بەش بوە و ئێسـتا کراوە بە هۆبە، ئەم بەشە کۆمەڵێک نەخۆشی لەخۆگرتبو وەک: (نەخۆشـی ئایـدز، نەخۆشـیە هاوبەشـەکان، نەخۆشـی کۆنترۆڵکردنـی مەلاریـا و بەلهارزیا و مشـەخۆرەکان، نەخۆشـی پەتاگـەری، نەخۆشـیەکانی هەناسـە و نەخۆشـی کۆنترۆڵکردنی هەوکردنی ڤایرۆسـی جگەر)، هەمو ئەم نەخۆشـیانە بە فەرمانی وەزارەت کـراون بە هۆبە و هەر هۆبەیەکیش کارمەندێکی هەیە لە کاتێکدا پێویستی بە ٥ کارمەند هەیە.
باسـی لەوەشـکرد: لە بونی هەر هەڵمەتێکمان ناچار دەبین داوا لـە وەزارەت بکەین بەشـێوەی کاتی کارمەندمـان بۆ دابین بکەن بە گرێبەست تاوەکو کارەکانمان رایی دەکەین، ئەمە جگە لەوەی گرفتـی بودجەمان هەیـە بۆ کارەکان و لە کاتی خۆیدا بودجەمان بۆ سـەرف ناکرێت، جاری وا هەبوە لە مانگی ١ داوای بودجەمان کردوە و هەڵمەتی وەرزیمان هەبوە، کەچی لە مانگی ١١ وەڵاممان بۆ هاتوەتەوە و نەمانتوانیوە کارەکە ئەنجام بدەین.

## « کارمەندمان کەمە و لەکاتی هەڵمەتەکاندا
## ناچار دەبین بە کاتیی گربەست لەگەڵ کارمەند بکەین »

## شەشەم: هاوردە

حسام عەبدولڕەحیم، لێپرسراوی هۆبەی هاوردە لە بەرێوبەرایەتی خۆپاراسـتنی تەندروسـتی گەرمیـان، وتـی: هۆبەکـەی ئێمـە سەرپەرشتی هەمو ئەو خۆراکانە دەکات کە دێتە سنوری هەرێمی کوردستان لە رێگەی بازگەکان و دەروازەی پەروێزخانەوە.
دەشـڵێت: پشـکنین بۆ بەرهەمەکان دەکەین لە رێگەی پشکنینی فیزیایـی کـە سـەیرکردنیەتی و بـەراوردی دەکات بـە کۆمەڵێک مواسـەفاتی عێراقی کە بۆمان هاتوە، دواتر نمونەی وەردەگرین و دەینێرینە تاقیگە بۆ پشکنین، دواتر ئەنجامی پشکنینەکە دەدەین بە بازرگانەکان.
لەبـارەی ئـەوی ئـەو بەرهەمانـەی کە دێتـە سـنورەکە لە کوێ رادەگیرێـن هەتا ئەنجامی پشـکنینەکانیان دەردەچن؟ وتی: ئێمە سەرپەرشـتی هەر سێ بازگەی کفری و ساڵح ئاغا و شێخ لەنگەر دەکەین، بۆ ئەمەش سیستەمێکی تایبەت بە خۆمان هەیە ئەویش ئەوەیـە بەهـۆی ئەوەشـی گۆرەپانـی وەسـتانی بارەکانمان نیە بەڵێننامەیـەک لـە بازرگانەکە وەردەگرین کە بەرهەمەکەی سـاخ نەکاتەوە و لە کۆگای خۆی دایبنێت تا یەکلابونەوەی ئەنجامەکان، کە یەکلابویەوە و شیاو بو دەتوانێت ساخی بکاتەوە کە شیاویش نەبـو دەیگەرێنێتـەوە بـۆ بازگە و دواتر بۆ شـوێنی خۆی، بەڵام ئەمـە بۆ مـەرزی پەروێزخان جیاوازە و بـارەکان ئەهێڵرێتەوە تا یەکلابونەوەی ئەنجامەکان.
جەختـی لەوەشـکردوەوە: تاوەکو ئێسـتا یـەک بـازرگان پابەند نەبوە بە بەڵێننامەکەی ئەویش روبەروی بەشـی یاسـایی خۆمان کردوەتەوە و ئیجرائات کراوە، هاوکات تیمی پێویسـتمان هەیە لە بازگەکان و بەپێی کاتیش دەگۆردرێن.
لـە بەرامبـەر پشـکنیەکان تاچەنـد پـارە وەردەگیرێـت، بەپێی وتەی لێپرسـراوی هۆبەی هاوردە لە بەرێوبەرایەتی خۆپاراسـتنی تەندروسـتی گەرمیـان، لەبەرامبـەر پشـکنیەکان برێـک پـارە وەردەگیرێـت ئەمەش بەپێی رێنمایەکانی وەزارەتی تەندروسـتی و وەزارەتـی دارایـی کە لە ١٥ هەزارەوە دەسـتپێدەکات هەتا ٢٨ هـەزار، ئەمەش بەپێی جۆری پشـکنینەکان و ئەو خواردنەی کە پشکنینی بۆ دەکرێت.

## حەوتەم: تاقیگەی پشکنینی خۆراک

گوڵاڵە عەلی، لێپرسراوی هۆبەی تاقیگەی پشکنینی خۆراک لە بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان، دەڵێت: وەک تاقیگەی خۆراک پشکنین ئەکەین بۆ ئەو خۆراکانەی کە دێتە سنورەکەوە لە بازگەکانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە فرۆشگاکانەوە نمونەمان بۆ دێت بۆ پشکنین لەگەڵ کارگەکان کە لیژنەکان مەواد ئەهێنن و پشکنینیان بۆ ئەکەین.
وتیشی: ئێمە ٣ جۆر پشکنینمان هەیە، یەکێک لەوانە فیزیاییە کە بۆن و تام و ڕەنگی لەگەڵ بەروار، ئەگەر لە پشکنینی فیزیایی دەرنەچێت ئەوە پشکنینەکانی تری بۆ ناکەین و ڕەت ئەکرێتەوە، هاوکات پشکنینی بەکترۆلۆجیمان هەیە لەگەڵ کیمیایی بۆ ئەو خۆراکانە کە دێتەوە لامان.
لەبارەی بونی ئامێری پێویستەوە تاچەند بەردەستە لە نێو تاقیگەکەدا، ئەو لێپرسراوە دەڵێت: هەندێک ئامێرمان هەیە کە پشکنینەکان ئەنجام ئەدەین، بەڵام لە بەشی پشکنینی کیمیایی پێویست و گرنگە ئامێری پێشکەوتو هەبێت، بەڵام ناکڕدرێت، چونکە نرخەکەی گرانە، هەمانە ١٠٠ هەزار (١٠ دەفتەر) دۆلار ئەکەوێت.
وتیشی: ئەو ئامێرانەی کە هەن کافی نین و پێویستدەکات زیاتر بن، بۆنمونە ئامێری (HPLC) ئەگەر هەمانبێت ئاسانکاریی باش دەکات بۆ کارەکانمان، هاوکات ئامێرێکمان هەیە هی شیرەمەنیەکانە (میلک ئەنەلایزەر) کە تاڕادەیەک باشە، بەڵام لەوەش باشتر هەیە.
هێمای بۆ ئەوەشکرد: لە ڕوی ستافەوە گرفتمان نیە، هاوکات مەواد و پێداویستی پێویست بەردەستە و خۆمان ئەیکڕین.
لە بارەی ئەنجامدانی پشکنینەکان لە تاقیگە تاچەند پارە وەردەگیرێت، بەپێی وتەی لێپرسراوی هۆبەی تاقیگەی پشکنینی خۆراک لە بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان، هیچ بڕە پارەیەک وەرناگیرێت لە خودی تاقیگە.

ئاماری پشکنینی خۆراک بۆ ساڵی ٢٠٢٣ و ٦ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤

| بابەت | شیاوە | نەشیاوە |
|---|---|---|
| پشکنینی بەکتریولۆجی | 12089 | 31 |
| پشکنینی کیمیاوی | 11541 | 0 |

## هەشتەم: تەندروستی قوتابخانەکان و هەرزەکاران

ئەرکی ئەم هۆبەیە چاودێریکردنی تەندروستی قوتابخانەکانە لەگەڵ هەرزەکاران ئەمەش لە ڕێگەی تیمێکەوەیە لە نێو مەڵبەندە تەندروستیەکان، بەمشێوەیەی لایخوارەوە:

### ١. ئەنجامدانی پشکنینی منالان لە باخچە و ناوەندەکان

«ساڵانە لە ناو مەڵبەندە تەندروستیەکاندا کە هاوین منال وەرئەگیرێت لە باخچە و پۆلی یەکی بنەڕەتی، دەبێت بە فلتەری ئێمە تێپەڕێت و کۆمەڵێک پشکنینان بۆ ئەکەین و ڤاکسینیان بۆ ئەکەین، ئەمەش بە ئامانجی ئەوەی بزانین لایەنی تەندروستی ئەو منالە چۆنە یان نەخۆشی تایبەتی نییە؟ بۆئەوەی لە ناوەندەکان ئاگاداریان بن» . نگین محەمەد، لێپرسراوی هۆبەی تەندروستی قوتابخانەکان و هەرزەکاران لە بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان، وای وت.
دەشڵێت: ئەو فایلەی کە دەکرێت بۆ ئەو منالانە لە نێو دۆسیەکەیاندا هەڵدەگیرێت چ لە ناوەندەکان بێت یان چ لە باخچەکان.

### ٢. ئەنجامدانی پشکنینی چاو لە نێو ناوەندەکان

نگین محەمەد، لێپرسراوی هۆبەی تەندروستی قوتابخانەکان و هەرزەکاران، وتی: لەگەڵ دەستپێکی دەوام، لە ناو قوتابخانەکان دەست دەکەین بە چالاکیەکانمان، ئەمەش لە ڕێگەی تیمی تەندروستی قوتابخانەکانەوەیە کە سەردان دەکەن لە پۆلی ٢ بۆ پۆلی ٧ی بنەڕەتی پشکنینی چاو و گوێ ئەنجامدەدرێت.
دەشڵێت: بەڵام ساڵانێکە پشکنینی گوێ ئەنجام نادەین، چونکە ستافمان نیە و خولیش نیە بۆیان کە پشکنینەکە چۆن بێت، ڕاستە ئامێرەکە شتێکی سادەیە، بەڵام ئەویشمان نیە.
هێمای بۆ ئەوەشکرد: لە کاتێکدا نزیکەی ٣٠٠ قوتابخانەی بنەڕەتی و باخچەمان لە ئەستۆیە کە سەرپەرشتی بکەین، تەنها ٧ کارمەندمان هەیە، بۆیە ناتوانین فریای هەموویان بکەوین.

### ٣. دو ئەرکی دیکە هەیە هێشتا ئەنجام نەدراون

یەکێکی دیکە لە ئەرکەکانی هۆبەی تەندروستی قوتابخانەکان و هەرزەکاران ئەنجامدانی پشکنینی چاوی خوێندکارانی پۆلی ١٢ی ئامادەییە بۆ زانکۆ و پەیمانگاکان، بەڵام ئەم هۆبەیە ئەو پشکنینە ئەنجام نادات بەهۆی نەبونی ستاف و شوێنی تایبەتەوە، بەڵکو کارەکە لەلایەن لیژنەی پزیشکیی گەرمیانەوە ئەنجام دەدرێت.
هەروەها یەکێکی دیکە لەو ئەرکانەی لەسەر ئەم هۆبەیەیە، کارکردنە لەسەر هەرزەکاران، بەشێوەیەک داتای تەندروستیان وەربگیرێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی پزیشک بۆ ئەم مەبەستە نەبوە لە بەڕێوبەرایەتی و هۆبەکەدا، نەتوانراوە ئەم کارە سەرپێبخرێت، جگە لە نەبونی ستافی دیکەش.

## نۆیەم: مۆڵەت و ناسنامە

نەسرین ئەحمەد، لێپرسراوی هۆبەی ناسنامە و مۆڵەت لە بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان، هێما بۆ ئەوە دەكات: ئەركی ئێمە دەرهێنانی مۆڵەتە بۆ شوێنكارەكان، هاوكات دەرهێنانی ناسنامەیە بۆ كارمەندەكان، ئەمەش لە ڕێگەی فۆرمێكی تایبەت بە خۆمانە بۆ بەخشینی مۆڵەت، ئەمەش بە كۆمەڵێك ڕێكار تێدەپەڕێت، یەكێك لەوانە كەشفكردنی شوێنەكەیە بۆ ئەوەی بزانین مەرجەكان و داواكارییەكانی جێبەجێ كردوە یان نا، لەگەڵ كۆمەڵێك ڕێكاری ئیداری.

وتیشی: هەر مۆڵەتێكی شوێنكار كە دەرئەهێنرێت سەرەتا بڕی ٣٢ هەزار دیناری لێوەردەگیرێت و ساڵانە نوێ ئەكرێتەوە و بڕی ٦ هەزار دیناری لێوەر دەگیرێت، ئەمە بۆ ناسنامەی تەندروستی جیاوازترە ،ئەو كەسانەی كە خواردن و شت ئامادە دەكەن و پێشكەش دەكەن لەگەڵ ئەوانەشی كە كاردەكەن لە شوێنەكانی وەك سەرتاشخانە و ساڵۆن و قەسابخانەكان، هەمو ئەمانە ناسنامەی تەندروستیان دەبێت كە سەرەتا بە ٦ هەزار دەرئەهێنرێت و ٦ مانگ جارێك نوێ ئەكرێتەوە بە ٣ هەزار دینار، لە كاتێكدا پێشتر ساڵانە نوێ ئەكرایەوە، بەڵام بە فەرمانی وەزارەتمان كراوە بە ٦ مانگ جارێك.

جەختی لەوەشكردەوە: هەر ناسنامەیەكی تەندروستی كە دەرئەهێنرێت پشكنینان بۆ ئەكرێت لە ڕێگەی خوێن و پیساییەوە لەگەڵ پشكنینی ڤایرۆسەكانی جگەر، هاوكات هەمو ئەم كارانەش لە بەیانیان و ئێوارانیش دەكرێت و وەك یەكە و هیچ جیاوازی نیە چ لە ڕێكارە ئیدارییەكان چ لە وەرگرتنی بڕی پارەكانیش.

لەبارەی ئەوەی تاچەند بونی ناسنامە و مۆڵەت كراوە بە مەرج بۆ كاركردنیان، سیامەند خودادا‌د، فرۆشیار لە بازاڕی قەزای كەلار وتی: هەر خاوەن كارێك دەبێت مۆڵەتی هەبێت وەك شوێنەكەی لەگەڵ ناسنامەی تەندروستی كە هەردوكیم هەیە، بەتایبەت پیشەكەی ئێمە كە بەبەردەوامی دەست بەكاردەهێنین و ساڵانەش پشكنینمان بۆ دەكەن بۆ هەندێك لە نەخۆشیەكان.

وتیشی: بۆ نوێكردنەوەی مۆڵەتەكەمان ساڵانە بڕی ٣ هەزار دینارمان لێوەردەگیرێت.

«مۆڵەتمان هەیە و ساڵانە نوێی ئەكەینەوە، ئەمە جگە لەوەی پشكنینمان بۆ ئەكەن لە ڕێگەی خوێنەوە». پشتیوان خورشید، فرۆشیار لە قەزای  كفری وا دەڵێت.

هاوكات، سامان حەسەن، گۆشتفرۆش لە قەزای كەلار وتی: وەك دوكانەكەمان مۆڵەتی فەرمی هەیە و ساڵانە نوێی ئەكەینەوە، كە لیژنەش سەردانمان دەكات ئەگەر پابەندی ڕێنماییە تەندروستیەكان نەبین ئەوە مۆڵەتەكەمان لێوەردەگرنەوە و دەیدەنە قایمقامیەت ئەوان ئیجرائات دەكەن.

«ناسنامەی تەندروستیم هەیە و ماوەیەك جارێ نوێی ئەكەمەوە، لەگەڵ نوێكردنەوەكەدا پشكنینی خوێنم بۆ ئەنجام دراوە كە بە چەند ڕۆژ ئەنجامەكەی دەرچوە، دواتر مۆڵەتەكەم بۆ نوێ كراوەتەوە بە ١٨ هەزار دینار و ٤ هەزاری دیكەشمان لێ وەرئەگرن ئەوەیان نازانم بۆ چی ×بوە». حەكیم ئەحمەد، مریشكفرۆش لە قەزای كەلار، وا دەڵێت.

لە بەرامبەردا، نەسرین ئەحمەد، لێپرسراوی هۆبەی ناسنامە و مۆڵەت لە بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان، هێما بۆ ئەوە دەكات: ئەو بڕە پارەیەی كە ١٨ هەزارە و بۆ ناسنامەی تەندروستی وەرئەگیرێت، پشكنینی ڤایرۆسیەكانە كە بڕەكەی ١٥ هەزارە و ٣ هەزاریش بۆ ناسنامەكەیە، ئەمەش ڕێنمایی وەزارەتە و پەیوەندی بە ئێمەوە نیە، چونكە ئەو پشكنینانە تێچوی زۆرە و كاتی ئەوێت.



# بەشی دووەم: کێشەکانی بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان

## ١. گرفتی بینا

گرفتی بینا یەکێکە لەو گرفتانەی بەرۆکی زۆربەی فەرمانگە حکومیەکانی گەرمیانی گرتوە، یەکێک لەو بەڕێوبەرایەتیانەش، بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیانە.

کامەران محەمەد، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان، باس لەوە دەکات: ئەم بەڕێوبەرایەتیەی ئێمە لە ساڵی ١٩٩٨ـەوە دامەزراوە و پێشتر مەڵبەند بوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٢ـەوە بوە بە بەڕێوبەرایەتی، ئەم بینایەی کە ئێستا تێیداین لە ساڵی ١٩٩٥ـەوە دروست کراوە و بینایەکی زۆر کۆنە.

دەشڵێت: زۆر گرفتمان هەیە لە روی بیناوە و ئەو هەمو هۆبەیە بە ١٥ ژور بەڕێوەناچێت و زۆر گرفتمان هەیە، لە کاتێکدا خۆمان هەندێک ژورمان دروستکردوە.

وتیشی: لە ساڵی ٢٠٢٣ـەوە داوامان کردوە بینایەکی سێ نهۆمیمان بۆ دروستبکرێت بۆ ئەوەی بتوانین سودی لێ ببینین لەگەڵ هۆڵێکی گەورە بۆ ئەنجامدانی سیمیناری هۆشیاری تایبەت بە خاوەنکارەکان و کرێکاران، بەڵام نەکراوە.

## ٢. گرفتی نەبونی تاقیگەی ناوەندیی

بەڕێوبەری خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان بونی تاقیگەیەکی ناوەندیی بۆ گەرمیان بە گرنگ دەزانێت و دەڵێت: کارمان لەسەر کردوە.

کامەران محەمەد، باس لەوە دەکات: لە ساڵی ٢٠٢٣ـەوە داوامان کردوە تاقیگەیەکی خۆراکی مەرکەزی بۆ گەرمیان بکرێتەوە کە تاوەکو ئێستا نەکراوە و لە ئەولەویەتی کارەکانماندایە و دەرخستەشمان بۆکردوە و چەند جارێک داوامان کردوە، بەڵام بەهۆی نەبونی شوێنەوە تاوەکو ئێستا نەکراوەتەوە.

وتیشی: لە ئێستادا دەمانەوێت نوسراوێکی نوێ بکەینەوە بۆ وەزارەتمان و وەزارەتی دارایی بۆ ئەو مەبەستە.

## ٣. گرفتی ئۆتۆمبێل

گرفتی ئۆتۆمبێل یەکێکی دیکەیە لەو گرفتانەی کە فەرمانگە حکومیەکان بەدەستیەوە دەناڵێنن، یەکێک لەو بەڕێوبەرایەتیانەش بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیانە.

کامەران محەمەد، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان باس لەوە دەکات: گرفتی ئۆتۆمبێل یەکێکی ترە لە گرفتەکانمان، لەلایەکەوە ئۆتۆمبیلمان کەمە، لەلایەکی دیکەشەوە ئەوەی هەمانە کۆنن.

وتیشی: ٥ ئۆتۆمبێلمان هەیە، چەند ئۆتۆمبێلمان هەبێت کەمە، چونکە تیمەکانمان زۆرن و پێویستیان پێیەتی و هەر هۆبەیەک و ئۆتۆمبێلێکی تایبەتی خۆی ئەوێت، ئەمەشمان بۆ نەکراوە.

بەوتەی کازم عەلی، لێپرسراوی هۆبەی پشکنینی ئاو لە بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان، ئەوان بەهۆی نەبونی ئۆتۆمبیلەوە، ناتوانن بە هەمو ناوچەکاندا بچن بۆ وەرگرتنی نمونەی ئاو بۆ پشکنین.

## ٤. گرفتی کارمەند

کامەران محەمەد، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان، باس لەوە دەکات: یەکێکی دیکە لە گرفتەکانمان کەمی کارمەندە، کە کۆی بەڕێوبەرایەتیمان تەنها ٢١ کارمەندمان هەیە بە ناو بەڕێوبەرایەتی و بازگەکان و مەرزی پەروێزخانیشەوە، ئەمەش وایکردوە وەکپێویست کارەکانمان نەکەین.

دەشڵێت: لە ئێستادا پێویستمان بە ٤٠ کارمەندی دیکە دەبێت.

نگین محەمەد، لێپرسراوی هۆبەی تەندروستی قوتابخانەکان و هەرزەکاران لە بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان، باس لەوەدەکات لە کۆی ١٢ مەڵبەندی تەندروستی تەنها ٥ مەڵبەندیان تیمی تەندروستی قوتابخانەکانی هەیە، ئەویش بەهۆی نەبونی کارمەندی پێویستەوە.




## ٥. گرفتی نەسرییە

«بەڕێوبەرایەتەکەمان تەنها ٥٠٠ هەزار نەسـریەکەیەتی کە هیچ نیە بۆ ئێمە، لە کاتێکدا لیژنەم هەیە و دەرچونیان هەیە، تەنانەت ئەم پارەیە ماوەیەک کردبویان بە ٢٥٠ هەزار بەهۆی قەیرانەکەوە، بەڵام پێشـتر ١ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار بو». کامەران محەمەد، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان وای وت.
هێمای بۆ ئەوەشـکرد: بەڵام بەڕێوبەرایەتی گشتیمان هاوکاریمان ئەکات و خێرخوازیش هەیە، ئەگەر بمانەوێت گرفتمان نەبێت ئەوە مانگانە نزیکەی ٣ ملیۆن دینارمان دەوێت.
جەختی لەوەشـکردەوە: لە بەشی ئێواران بەپێی بڕیاری وەزارەت دەتوانین ٪١٠ـــی داهات بەکاربهێنیـن بۆ بەڕێوبەرایەتیمان، بەڵام بەیانیان ئەگەڕێتەوە بۆ حکومەت بە وەسڵی ٣٧ ئەلیف و ناتوانین خەرجی بکەین.

## ٦. کارنەکردن بە سیستەمی کۆمپیوتەر

تاوەکو ئێستا سیستەمی کۆمپیوتەر نەبوە بە باو لە نێو فەرمانگە حکومیـەکان لە گەرمیان ئـەوەی هەیە بە ڕێژەیی بەکاردەهێنرێت بەتایبەت بۆ بابەتی داتاکردنی زانیارییەکان.
کامـەران محەمـەد، بەڕێوبـەری بەڕێوبەرایەتـی خۆپاراسـتنی تەندروسـتی گەرمیان بـاس لەوە دەکات: پێشـتر هیچمان نەبوە بە سیسـتەمی ئەلیکترۆنی، بەڵام ئێسـتا چاودێـری و مۆڵەت و ئەمانـە هەمـوی بـوە بە داتابەیـس و کاری پێدەکەیـن، هاوکات ئەمانەوێـت مۆرەکانیش ببێت بە «حـەراری» بۆ ڕێگرییکردن لە بابەتی ساختەکردن.
دەشـڵێت: بەرنامـەی ئەوەمـان هەیە هەمو تیمەکانمـان ئایپادی خۆیان پێبێت کە سەردانی هەر شوێنکارێک ئەکەن هەموی بکرێت بە سیستەم و داتا بکرێت، پەیوەستی بکەین بە بەڕێوبەرایەتیەوە و بزانیـن سـەردانەکان چۆنن و تا چەند سـەردانی شـوێنکارێک دەکرێت لە مانگێکدا.
وتیشی: هۆبەی کوتانمان کار لەسەر کراوە بکرێت بە ئەلیکترۆنی، سـاڵی رابـردو راهێنانی تایبەت لەسـەر ئەو بابەتـە وەرگیراوە، ئەگـەر بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەوا ئیتر شـتێک نامێنێت بەناوی ئاماری دەسـتی، ئەمەش دواتر کۆی هۆبەکان دەگرێتەوە، ئەگەرچی تاوەکو ئێستا هەردو سیستەمەکە بەکاردەهێنین.

## ٧. ئەنجامدانی ڕاهێنان

«بەردەوام ستافەکەمان ڕاهێنان وەردەگرن بەتایبەت هۆبەی نەخۆشیە گوازراوەکان لەگەڵ کوتان» . کامەران محەمەد، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان وای وت.
ئاماژەی بەوەشدا خولەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ و عێراق کە دەکرێنەوە و پەیوەندیدارن بە کارەکانیانەوە، خۆیان و کارمەندەکانیان بەشداریی تێدادەکەن.

باسی لەوەشکرد: بەرنامەیەکی ترمان هەیە لۆگۆیەکی تایبەتمان ئامادەیە بۆ ئەو شوێنکارانەی کە مۆڵەتی هەیە بۆ ئەوەی لە دەرەوەی دوکانەکەی هەڵیبواسین و ژمارە مۆبایلی تایبەت لەسەرە و ٢٤ کاتژمێر بەردەست دەبێت لە بونی هەر گلەییەک هاوڵاتیان دەتوانن پەیوەندی بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا هەر شوێنکارێک و ژمارە خۆی دەبێت، بۆ ئەو مەبەستەش پلانی ئەوەمان هەیە ستافەکەمان ڕاهێنانی تایبەت بەو بابەتە وەربگرن.

## ٨. گرفتی کەمیی لیژنەکان

«یەکێک لەو گرفتانەی کە هەمانە کەمی کارمەندە کە وایکردوە وەکپێویست ئەرکەکانمان جێبەجێ نەکەین، ئێمە ١٠ کارمەندمان هەیە ٧ـی لە مەرزی پەروێزخانە و لەوێ پشکنین ئەنجام دەدەن، بۆیە دەوامیان دابەشکردوە ٢ ڕۆژ لێرە و ٣ ڕۆژ لەوێ» . تۆفیق محەمەد، لێپرسراوی هۆبەی چاودێری تەندروستی لە بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان، وا دەڵێت.
وتیشی: بۆیە یەک لیژنەمان هەیە و بە هەمومانەوە ٥ فەرمانبەرین، بۆیە لە ئێستادا پێویستمان بە ٤ لیژنە دەبێت کە ١٢ کارمەند دەکات بۆ ئەوەی بتوانین ئەو گرفتەی هەمانە چارەی بکەین، چونکە لە سنوری قەزای کەلار و ناحیەی ڕزگاریی ١٤٥٠ شوێنکارمان هەیە کە مۆڵەتی فەرمیان هەیە و سەردانیان دەکەین.
هاوکات، کامەران محەمەد، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان، باس لەوە دەکات: ٨ لیژنەی هاوبەشمان هەیە لەگەڵ قایمقامیەت، خۆشمان ٢ لیژنەمان هەیە لە ناو بەڕێوبەرایەتی بە کۆی گشتی ١٠ لیژنەیە، ئەمانەش چاودێری قەزای کەلار و ڕزگاریی دەکەن.
وتیشی: بۆ باوەنور و کفری لیژنەی خۆیان هەیە لە مەڵبەندەکانیان.

## ٩. گرفتی بەشەکان

بەهۆی نەبونی کارمەندەوە هەندێک لە بەشەکانی بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان داخراون، وەک بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتیەکەش دەڵێت: ئەو بەشانە گرنگن بۆ ئێمە.
کامەران محەمەد، باس لەوە دەکات: پێشتر نۆ بەشمان هەبو، کەچی لە هەیکەلیەی تازەی بەڕێوبەرایەتیماندا هەموی کراوە بە هۆبە، بۆ ئەو مەبەستەش نوسراومان کردوە بۆ وەزارەت کە هەندێک یەکەمان بۆ بکرێتەوە ئەوانیش ئێستا بەشی کارگێڕی و ژمێریاری نەماوە بوە بە یەکە لەگەڵ خۆیەتی، هاوکات داوامان کردوە یەکەی پشکنینی خۆراک لە مەرزی پەروێزخان بکرێتەوە کە بەردەوامە.
دەشڵێت: ئەمە جگە لەوەی کە چەندین هۆبەمان هەیە بەهۆی نەبونی شوێن و کارمەندەوە داخراون، ئەوانیش: هۆبەی تەندروستی دەرونی، هۆبەی تەندروستی چاو، هۆبەی نەخۆشیە درێژخایەنەکان، هۆبەی تەندروستی و بەساڵاچوان، هۆبەی کۆزماتیک، هۆبەی سامپڵ و هۆبەی نەخۆشیە هاوبەشەکان.

## ١٠. گرفتی دەرهێنانی مۆڵەت بۆ هەندێک لە شوێنکارەکان

«یەکێک لەو گرفتانەی کە ڕوبەڕومان بوەتەوە ئەوەیە ٥٠٠ شوێنکار هەن لە ناوچەکەدا کە مۆڵەتی ئێمەیان نیە، ئەمەش بە پاساوی ئەوەی کاتی خۆی کە دروستکراون مۆڵەتی بینای وەرنەگرتوە لە شارەوانی، لە کاتێکدا ئەم بابەتە پەیوەندی بە ئێمەوە نیە» . تۆفیق محەمەد، لێپرسراوی هۆبەی چاودێری تەندروستی لە بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان وا دەڵێت.
باسی لەوەشکرد: زۆر هەوڵمانداوە ئەو گرفتە چارەسەر بکەین لەسەر ئاستی ئیداری، بەڵام تاوەکو ئێستا نەکراوە، ئەمەش وایکردوە نەتوانین پشکنین بکەین بۆ ئەو شوێنانە و بەرچاویش ناکەون، چونکە داتایان نیە لەلای ئێمە.

# بەشیسێیەم: دەرەنجام و راسپاردەکان

## یەکەم: دەرەنجام

١. بەڕێوەبرایەتـی خۆپاراسـتنی تەندروسـتی گەرمیـان، بـە فەرمی لە سـاڵی ٢٠١٢ـەوە دامـەزراوە و ٢١ فەرمانبەری هەیـە و زیاتـر لـە ٣٤ هۆبـەی هەیـە. ئـەم بەڕێوەبرایەتیـە سەرپەرشـتی کاری خۆپارێـزی تەندروسـتی دەکات، لەنمونـەی پشـکنینی و کۆنترۆڵکردنـی خـۆراک لـە دەروازەی پەروێزخـان و سـنورەکان، پشـکنینی تەندروسـتی بـۆ فرۆشـگاکانی سـنورەکە، پشـکنی خـۆراک و خواردەمەنـی و خواردنـەوە، پشـکنینی ئـاو، چاودێریـی قوتابخانـەکان، دابینکردنـی ڤاکسـین و...هتد.

٢. ئـەم بەڕێوەبرایەتیـە ئەرکەکانـی زۆرە و ژمـارەی کارمەندەکانی کەمن، بەشـێوەیەک کـە هەندێک لـە کارمەندەکانیان دەبێت لـە دو ئەرکدا کاربکەن، بۆ ئـەوەی پێی رابگەن.

٣. هـاوکات بەڕێوبەرایەتەکـە لـە روی بینـا و پێداویسـتییەوە، کەموکورتـی هەیە و پێداویسـتی گەرەکـە، چونکە ئەم کەموکورتییانـە کاریـان کردوەتـە سـەر کوالێتـی و بـڕی ئیشـوکار و خزمەتەکانیـان، لـە نمونـەی کەمـی لیژنەکانی چاودێریـی بـازاڕ کـە ئێسـتا تەنها یـەک لیژنەیە لـە هـەر ناوچەیەک دا.

٤. بەشـێک لەکارەکانـی بەڕێوبەرایەتیەکـە کـراون بـە نیمچـە تایبـەت «سـیمی پرایڤـت»، کـە ئەمـەش بـۆ کاتی ئێوارانـە و بەشـێک لـە داهاتـی ئـەو کارانـەش بـۆ کارمەندانـی بەڕێوبەرایەتیەکە و ١٠٪ـی ئەو داهاتـەش بۆ خودی بەڕێوبەرایەتییەکـە خـەرج دەکرێـت.

٥. چاودێریـی بـازاڕ، یەکێکـە لـە ئەرکـە پێویسـت و گرنگەکانـی بەڕێوبەرایەتییەکە، بـەڵام وەک لە سـەرەوە ئاماژەی پێـدراوە، کەموکورتـی زۆر هەیـە لەم بوارەدا، هـەروەک هاوڵاتیانیـش تێبینـی و هەندێکجار رەخنەیان هەیـە لەکارەکانی تیمـەکان و هەسـتدەکرێت لێکتێنەگەیشـتنێک هەیـە و پرۆگرامێکی گشـتگیر بۆ رێکخسـتنی ئەم بـوارە نییە.

٦. یەکێـک لەکارەکانـی بەڕێوبەرایەتیەکـە دابینکردنـی ڤاکسـینە، بـەڵام رێـژەی ڤاکسـینەکان بەپێی پێویسـت نیین و رەچـاوی فراوانبونی ناوچەکـە نەکراوە.

٧. زۆرینـەی مامەڵـە و کاروبـارەکان لـە بەڕێوبەرایەتیەکـەدا تەقلیدیـن، بـەڵام هەندێـک هۆبـەی وەکـو مۆڵـەت و ناسـنامە، سیسـتەمی کارکردنیـان کـراوە بـە کۆمپیوتەریـی و ئەلیکترۆنی، کە ئەمـەش رۆڵی لە باشـکردن و خێراکردن و باشـتر شـیکردنەوەی داتـا تۆمارکراوەکانـدا هەیە.

٨. لایەنـی هۆشـیاری لـە بەڕێوبەرایەتییەکـەدا لاوازە، ئەمـەش رەنگـە هۆکارەکەی بونـی کێشـە و کەموکورتی بێت چ لـە روی کارمەنـد و هەروەهـا نەبونی هۆڵ و جێگەی شـیاوەوە.

## دوەم: راسپاردەکان

١. بەخوێندنەوەی راپۆرتەکەمان، بۆت روندەبێتەوە کە ئەرک و کار و بەرپرسیارێتی بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان زۆر و فراوانە، بەڵام توانای دارایی و مرۆیی بەڕێوبەرایەتیەکە کەم و سنورداره. ئەم بەڕێوبەرایەتیە کاردەکات لە بواری خۆپارێزییدا لە وردەوە تا درشت، بەڵام کەرەستەی پێویستی بۆ ئەم ئەرکە نییە .
بۆیە گرنگە حکومەت پێداچونەوەیەک بە رۆڵی بەڕێوبەرایەتیەکە و دابینکردنی کارمەند و پێداویستییەکانی بدات، بەوهۆیەی کارەکانی راستەوخۆ پەیوەستە بە ژیانی هاوڵاتیان، ئەمە جگە لەوەی خۆپارێزی قۆناغێکی گرنگی پرۆسەی تەندروستییە و پێش چارەسەر و هەر خزمەتگوزارییەکی تر دەکەوێت.

٢. ئەگەرچی بەڕێوبەرایەتییە، بەڵام دەسەڵاتەکانی بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان هێشتا سنورداره، ئەمەش بەهۆی ئەو مەرکەزیەتەی کە لە حوکمڕانییدا لە هەرێمی کوردستان بەرقەراره، بەشێوەیەک دەبێت بەڕێوبەرایەتیەکە بۆ زۆر کاروباری خۆی بگەڕێتەوە بۆ سەرەوە، ئەمەش وادەکات رۆتین زیاد بێت و هەروەها بەشی پێویستیش نەتوانێت بڕیاری پێویست بدات.
بۆیە گرنگە حکومەت رەچاوی لامەرکەزییەت بکات، دەسەڵاتی زیاتر بە دەزگا خۆجێیەتییەکان بدات، هەروەک لە دابینکردنی دەرمان و پێداویستی و نەسریە و هەر پێویستیەکی تردا، رەچاوی ژمارەی دانیشتوان و سروشتی ناوچەکە بکات.

٣. تەقلیدیی بونی مامەڵە و کاروبارەکان، هۆکارێکی ترە بۆ بون و مانەوەی زیاتری کێشە لە ئیشوکارەکانی بەڕێوبەرایەتییەکەدا، بۆیە گرنگە سیستەمی کارکردنی بەڕێوبەرایەتییەکە بکرێت بە ئەلیکترۆنی و بەشێوازێکی پێشکەوتو رێکبخرێت، بۆئەوەی رۆتین و کێشەی ئیداریی و بارگرانی بۆ خودی کارمەند و هاوڵاتیانیش کەمبێتەوە.

٤. چاودێریی بازاڕ، یەکێکە لەو بوارانەی کە سستبونی زۆری تێدا بەدیی دەکرێت، ئەویش بەهۆی فراوانبونی بازاڕ و کەمی تیم و ئەندامانی تیمەکانی چاودێرییەوە، ئەمەش وادەکات مەترسی لەسەر تەندروستی هاوڵاتیان زیاتر بێت. هەبۆیە پێویستە چارەسەرێک بۆ ئەم کێشەیە بدۆزرێتەوە، دەشتوانرێت لەرێگەی سیستەمی نیمچە تایبەتەوە، کارمەندی دیکە بۆ ئەم هۆبەیە زیاد بکرێت کە لە داهاتی رۆژانەدا پارەیان پێبدرێت.

٥. گرنگە پەیڕەو یان رێنماییناමەیەکی گشتگیر بۆ رێکخستنی بواری چاودێرییکردنی بازاڕ دابینرێت و خاوەنکارەکانی لێئاگادار بکرێتەوە، بۆ ئەوەی بزانن لەسەر چ بنەمایەک چاودێریی دەکرێن و لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت. دەبێت لەم پەیڕەوەشدا رەچاوی تایبەتمەندیی ناوچەکان بکرێت و بەشێوەیەکی مەرکەزیی دانەنرێت.

٦. لایەنی هۆشیاریی زۆر گرنگە پەرەی پێبدرێت، هەربۆیە ئەو هۆبە و بەشانەی کە پەیوەندیدارن بە پتەوکردنی تەندروستییەوە پێویستە برەویان پێبدرێت و دەبێت هاوشێوەی هۆبە و بەشەکانی دیکە، ئەوانیش چالاکیی بەردەوامیان هەبێت بۆ بڵاوکردنەوەی زیاتری هۆشیاری لەناو هاوڵاتیان دا.

٧. بەشداریی کارمەندانی بەڕێوبەرایەتییەکە بەشێوەیەکی خولیی و بەردەوام لە خول و راهێنانە پیشەییەکان، یەکێکە لە لایەنە گەشەکانی بەڕێوبەرایەتییەکە، گرنگە ئەم بەشدارییە بەردەوامیی هەبێت و فراوانتر بکرێت و هەمو هۆبە و سێکتەرەکان بگرێتەوە.

**لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە**

یەکەیەکی رۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٢. پەرژین کامەران

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢ - ٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net